مشتەری بەرێز,

بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەمو نوسینگەیەکانی کار تەنیا ئاوەڵانە بۆ ئە وکەسانەی کە ناتوانن لە رێگای ئینتەرنێتی خۆیان تۆمار بکەن وەکو کارخواز یان ناتوانن کاغەزی تۆمار کردن بە تەنیا پربکەنەوە.

تەنیا **10** کەس بە یەک جار دەتوانی بێتە ناو نوسینگەی کار. کۆمپیوتەرەکانی بەشی سێلف سێرویس داخستراون.

**خۆت لە ماڵیەری ئینتەرنێتی یمە بە خزمەتگوزاری " Oma asiointi" وەکو کارخواز تۆمار بکە**. ئەگەرکۆدی بانکی ئێلێکترۆنیت نییە، دەتوانیت کاغەزی تۆمار کردن لە ماڵپەری یمە بێ کۆدی بانکی ئێلێکترۆنی پر بکەیتەوە.

ئەگەرناتوانیت لە رێگای ئینتەرنێتی خۆت تۆمار بیکەیت، دەتوانت لە دەرەوەی نوسینگەی کار کاغەزی تۆمار کردن لە گەڵ خۆت بەری. دەتوانیت کاتی ئاوەڵا بونی نوسینگەیەکانی کار (ماوەی کۆرۆنا) لەماڵپەری یمە لە بەشی پەیوەندی سەیرکەیت.

کاغەزەکەی تۆمار کردن بە شێوەیەکی جوان پر بکەوە و پۆستی بکە بۆ نوسینگەی کار. هەروەها ، دەتوانیت کاغەزەکەی تۆمار کردن لە ناو سندوقی نامەی کە لە دەرەوی نوسینگەی کار هەیە بە جێ بێڵیت. مشتەری بونت لە نوسینگەی کار لەو رۆژیرا دەست پێدەکات کە لە سەر کاغەزەکەی تۆمار کردن نوسراوە( رۆژی مۆهری لێدراوە).

دەتوانیت بەڵگەنامەکانیتریشت لە ناو ئە م **سندوقی نامەی ئێمە** بە جێبێڵیت یان بە **پۆست** بۆ ئێمەیان بنێریت.

تکایە هەمو کارەکانیترت لە رێگای خزمەتگوزاری " Oma asiointi" ، بە تەلەفۆن یان ئیمایلەو جێبە جێ بکە**.**

ئەگەرهەڵامەتت هەیە (نیشانەی نەخۆشی ئانفلۆنزا) یان سەفەرت کردوە بۆ دەرەوەی وڵاتی ئە م دوو هەفتەی پێشو، تەلەفۆنمان بۆ بکە ، تکایە مەیە بۆ نوسینگەی کار!

ژمارە تەلەفۆنی نەتەوەیی نوسینگی کار: **0295 025 500** (دووشەم تا هەینی، کاتژمێر 9.00-16.15 )

ژمارە تەلەفۆنی یارمەتی بۆ کەسانی کۆمپانی یان بیسنێسیان هەیە: **0295 040 002** (دووشەم تا هەینی، کاتژمێر 9.00-16.15 )

ئیمایل: **kirjaamo.uusimaa@te-toimisto.fi**

ئادرەسی پۆستی : **Uudenmaan TE-toimisto Kirjaamo**

**PL 1003, 00521 Helsinki**

لەگەڵ ریزەوە، نوسینگەی کار